# دەساڵ زۆرە!




لە ژمارەی پێشووی گۆڤاری ئایندەدا، دڵشاد عەبدوڵڵای(سەرنووسەر) بابەتێکی نووسیوە بە ناونیشانی (دەساڵ زۆر نییە!) لە دواهەمین ژماری زانستی سەردەمیشدا، خاتوو سۆزان جەمال (سکرتێری نووسین) بابەتێکی هاوشێوەی نووسیوە بە ناوی (دەساڵ تەمەنێکە) وەک گفتوگۆیەک هەوڵدەدەم تێڕوانینی خۆم بە چەند پەڕەگرافێک بخەمە ڕوو.

* بەدەر لەم نووسینە (دڵشاد عەبدوڵڵا- شاعیر) وەک تایبەتمەندی خۆی لە هەندێ لە شیعرەکانیشیدا هەوڵدەدات ناونیشان بکاتە پەرژینێک و لە پشتی ئەو پەرژینەوە شتی خۆی بڵێت، نەک ئەوەی لە دامێنی پەرژینەکەدا هەیە، ئەوەتا لە شیعری ( پەیکەر) لە دیوانی (گەیشتن بە ئاگر) دا (پیربال مەحمود) ئەو پەریژینەیە کە موغامەرە شیعرییەکەی بە ناوەوە دەکات، بە بێ ئەوەی تەنانەت تارمایی پیربال مەحمود لە دێڕێکی شیعرەکەشدا هەبێت...

**لە جیهانێکدا کە توندوتیژی رکێفی کردووە**
**بیر لە جیهانێک دەکەمەوە لێوان لێو لە ئاشتی**
**گوڵ باشترین پاسەوانی بێت**
**بە دەستی هەمووانەوە**

....................

**لە شوێنی پەیکەرێک دەگەڕێم بۆ خۆم**
**سەربدات لە هەموو هەورەکان**
**بەرزتر لە باڵای ئاپارتمانەکان**

به هەمان شێوەی ئەم شیعرەش، لە وتاری (دەسـاڵ زۆر نییە!)دا بە پەڕەگرافێکی شێوە پرسیار و شێوە سەرسوڕمان و کراوە، دەیەوێت هەر وەک چۆن لە شیعرەکەدا کەسێکی کردە بیانووی موغامەرە شیعرییەکەی، بە هەمان شێوەش لەم نووسینەدا خوێنەر بخاتە بەردەم دڵەراوکێی ئەو گومانەوە کە نەتوانێت خۆی یەکلاییبکاتەوە، کە ئایا دەساڵ بۆ تەمەنی گۆڤارێک زۆرە یان کەمە و ماویەتی، سۆزان جەمال لە سەروتاری (زانستی سەردەم)دا وەڵامی دەداتەوەو ئاماژە بەوە دەکات دەساڵ تەمەنێکە و ئەوان لەم دەساڵەدا بناغەی گۆڤارێکی زانستی تۆکمەیان داناوە، بە شاهیدی زۆرێک لە خوێنەران گۆڤارەکەیان یەکێکە لە گۆڤارە پڕ فرۆش و پڕ خوێنەرەکانی سەردەم و کتێبخانەی کوردی.

* لایەنێکیتری ئەم نووسینە مەجازییەی سەرنووسەر، بە هیچ شێوەیەک خۆی دیلناکات لەژێر ناونیشاندا، بریا دەمزانی ئەو بۆ مانشێتی شیعر و نووسینەکەی زۆر لە ناوەرۆکەکانی جودایە؟ ئایا وەک پیشەی هەندێ لە شیعرەکانی دەیەوێت لە پەرژینی ناوێکەوە دونیایەکی ترمان پیشاندات کە پەیوەستە بە وشە و ماهیەتی وشە؟ ئەو وشانە لە گۆڤاری ئاینده بێت، یان لای ئەو ئادەمیانەی لە دوای (جودی).. کە کەشتییەکەی نوح لەنگەری گرت پەیدابوون، بەڵام ئایا وشە لەم دوو قۆناغەدا جودا نیە؟

* لە پەرەگرافێکیتری نووسینەکەدا دەیەوێت بێلایەنی و لایەنگیری ئەدەب بخاتە ڕوو، ئەو دەبێژێ (پێویستە هەمووومان متمانە بە ئەدەب بکەین، زاڵم و زوڵملێکراو، شەڕانگێز و خێرخواز) ئەم دێڕەش بۆ زەمینەسازکردنە بۆ بێلایەنکردنی کتێب و وشە لای دیکتاتۆرێک و شاعیرێک، ناکرێت (هیتلەر) بەوەی ١٦هەزار کتێب لە کتێبخانەکەیدا بووەو زۆریشیانی خوێندبێتەوە بەراورد بکرێت بە (جێمس جوێس و سارتەر و نالی و خانی) بەس بۆ ئەو بیانووەی کە ئەدەب دەتوانێتماڵی هەموو دژ بۆچوونەکان بێت بە (جەللاد و قوربانیشەوە!)

* ئاینده چی دەکات؟ ئایا دوای دەساڵ هیچی بە هیچ کردووە؟ ئەم دوو پرسیارە وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات، پێویستە هەموومان بە جورئەتەوە لە خۆمانی بکەین، لە سەرنووسەرەوە بۆ هەموو خێزانی ئاینده، پێموایە دوای ئەو دەساڵە چۆن (سۆزان جەمال) بانگەشەی ئەوەدەکات خوێنەر ئاستی (زانستی سەردەم) هەڵسەنگێنێت، بۆ ئاییندەش دەبێت بە دوای سیحر و ئەفسوونی بازاڕیدا بگەڕێین، سیحر چ ڕۆڵێک دەبینێت لە دەرکردنی ئاییندەدا؟ بزانین ئایا ئاینده چی کردووەو دەبێت چی بکات؟

* دەبێت لە یانزەساڵی تەمەندا بە دەر لەو دوو پرسیارەی سەرنووسەر پرسیار لە تیراژ بکرێت، پرسیار لەوە بکرێت ئایا ئەو ئامانجەی لە سەرەتاکانەوە پلانی بۆ دانرا ئێستا ئاینده ئەو ئامانجەی هەیە؟ ئایا ئێستا ئاییندەیە ؟یان ئاینده ئێستایە؟!

ئایا حەقمان نییە پرسیار بکەین بۆ دەیان گۆڤار تەمەنیان زۆر کەمە و بابەتیان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و لە بازاڕی بازرگانی کتێبدا فرکەیان دێت و خوێنەر بە دوایاندا وێڵە؟ بەڵام گۆڤارەکەی ئێمە و دەستە خوشکەکانی لە (سەردەم و ڕامان و گەلاوێژی نوێ) و زۆر بڵاوکراوەی تریش تیراژی ناگاتە ١٠٠٠دانە! حەقمان نییە بە گومانەوە سەیری خوێنەر و بازاڕی کتێب و ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەر بکەین؟ یان ئێمەش بە دوای ئەو مۆدێلەوە بین کە خوێنەر حەزی لێیە و وەک پووشێک بین بە ئارەزووی ئەوان لە ئاسمانی شیندا بفڕین!

* لەم حاڵەتانە تێناپەڕێت گەر ئێمەی (ئاییندەی)یی بە دوای ئەو پرسیار و نهێنییانەدا نەڕۆین کە لە تیراژ و خوێنەردا هەیە، پێموایە نەک ئێستا دەنووسین (دەساڵ زۆر نییە!) دەی تریش بە هەمان خەت دەنووسین (بیست ساڵ زۆر نییە!)